بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران
ژمارە (١٢٥) لە ٢٠٢١/١٢/١

پشتبەست بە حوکمەکانی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و ئاماژە بە کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠٢١/١٢/١، ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری دا بە:

١. درێژکردنەوەی ماوەی هاتوو لە بڕگەی (٣)ی بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٧١) لە ٢٠٢٠/٧/١٥ بۆ (٩٠) نەوەد ڕۆژی دیکەی کار کە تایبەتە بە پرۆسەی قەرەبووکردنەوەی ئەو جووتیارانەی کە خاوەنی گرێبەستی کشتوکاڵین یان بڕیاری دابەشکردنی زەویان هەبووە و زەویان کەوتوونەتە ناو سنووری شارەوانییەوە بەپێی یاسا بەرکارەکان.

٢. وەزارەت و لایەنە پەیوەندیدارەکان ئەم بڕیارە جێبەجێ دەکەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران